

# شەپۆڵــــی چـــاوەشینەکانت ... هۆنراوەی شاڵاو

کامیان شینترن لە کامیان
ئەودەریایەی
لە پێشمدا ڕاکشاوە
یاخود دەریای چاوەکانت
کامیان شینترن لە کامیان
ئەوئاسمانەی لەسەر سەرم ڕاوەستاوە
یاخود تیشکی چاوەکانت
ئەمشەو حەزم لەمەلەیە
لە کام دەریا مەلەی بکەم
لەو دەریایە پرگـــــــێژاوەی
وا شێتانە شەپۆڵ داوێ
هەرچی کەشتی وکەشتیەوانە
لەبەندەردا ڕایدەماڵێ
یان لە دەریای چاوەکانت
شینەو قووڵەو دەتریسکێنێ
دەریاهەرچەندە قووڵیش بێ
لە ناوی بێ دەیخنکێنێ

ئەتۆ ئەی چاو دەریای بێ بن
من دڵنیام
دەریای چاوی تۆ خۆشترە
چاوەکانت دەریایەکن
گەڵێک هێمن
نە گێژاوی لوولم دەدا
نە گەردەلوولیشی دەمبا
ئاخۆ مەڵە لە چاوی تۆ
چ کارێکم بەسەر دێنێ
من ئامادەم
بێجگە لە دەریای چاوی تۆ
هیچ دەریایەک نەمخنکێنێ ...

shallaw1@hotmail.com